بەدڵنیاییەوە جولەکەکان ونەسڕانیەکان دەردەکەم لە دورگەی عەرەب هەتاوەکو تەنها مسوڵمانان تێیدا دەمێننەوە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «بەدڵنیاییەوە، جولەکەکان ونەسڕانیەکان دەردەکەم لە دورگەی عەرەب هەتاوەکو تەنها مسوڵمانان تێیدا دەمێننەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوور وپێداگیر بووە لەسەر دەرکردنی جولەکە ونەسڕانیەکان لە دورگەی عەرەبی، بۆ ئەوەی دوو ئاین نەمێنێتەوە لەم دورگەیەدا، وبۆ ئەوەی تەنها تاکە ئاینی یەک خودا پەرستی (ئیسلام) بمێنێتەوە لە دورگەی عەرەبی چونکە شوێنی بنچینەی بڵاوبوونەوە ودەستپێکردنی ئیسلامە بۆیە دەبێت بپارێزرێت، وبۆ ئەوەی هیچ دروشم ونیشانەیەکی شیرکی تێدا نەمێنێتەوە، وتێکەڵ بوون لەگەڵ موشریکەکان شەڕ وزیانی بە دواوەیە، وترسی خۆچواندنی تێدایە بە ئەوان، وترسی بە باشدانانی بیروباوەڕ وپەرستن ومامەڵە پوچەڵ وخراپەکانیان هەیە، وترسی حەزکردن بە خۆچواندن پێیان هەیە لە لایەن مسوڵمانی ئاساییەوە کە درک وتێگەیشتنی وەکو پێویست نییە، بۆیە پێویستە مسوڵمانان جیا بکرێنەوە و وڵاتیان سەربەخۆ وجیاواز بێت، ودوور بن لە تێکەڵبوون لەگەڵ موشریکەکان، وبۆیە پێویستە جولەکە ونەسڕانی وشوێنکەوتەی هەر ئاینێکی تر دەربکرێن لە دوورگەی عەرەبی، ودوورگەی عەرەبی تایبەتە بە مسوڵمانان وشوێنی دابەزینی وەحیە (سروشە)، ونابێت بە هیچ شێوە وحاڵەتێک لە حاڵەتەکان جگە لە مسوڵمانان تێیدا بژین.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64625